# پاراستنی بەرژەوەنیدیەکان لە هێندستان لە رێکەوتننامەی سایکس- پیکۆ وەك گرنگترین بەربەست لە دروستبونی دەوڵەتی کوردی

م. ی. ئەدهەم رەمەزان محمد
مامۆستای یاریدەر – بەشی مێژوو- کۆلێجی ئاداب
زانکۆی گەرمیان

کوردستان، واتە ئەو ناوچانەی کە کورد زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێك دێنێت، بە پێی رێکەوتننامەی (زەهاو) لە ساڵی ١٦٣٩ز. لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانیدا دابەشکرا. پاش کۆتایی هاتنی شەری جیهانی یەکەم دەوڵەتی عوسمانی کە پارچەی گەورەی کوردستانی لەخۆ دەگرت لێك هەڵوەشایەوە. بەپێی رێکەوتنی ستراتیژی سایکس – پیکۆ کە لە سەرووبەندی شەردا بۆ رێکخستنی بەرژەوەندی وڵا تانی براوەی شەر لە نێوانیاندا واژوکرابون چەند دەوڵەتی سەربەخۆ لە قەڵەمرەوی پێشووی عوسمانیدا پێك هاتن، بەڵام لەم نێوانەدا کوردستان بەگشتی و کوردستانی عوسمانی بە تایبەت نە تەنها وەك نەتەوەیەك مامەڵەی لەگەڵ نەکرا بەڵکو بو بە قوربانی بەرژەوەندیە گشتیەکانی وڵاتانی براوەی شەر بەتایبەت بەریتانیاو لە کۆتایی شەردا بەسەر سێ دەوڵەت ( عێراق ، سوریا، و تورکیادا ) دابەشکرا. ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی و لە رێگای خوێندنەوە و راڤەی زانیاریە مێژووییەکان، هەوڵ ئەدات کاریگەری بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵاتانی براوەی شەر لەسەر دابەشبونەوەی کوردستان لێك بداتەوە. دەستکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەدات کە بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی دەوڵەتی بەریتانیا کە خۆی لە پاراستنی هندستان واتە گەورەترین کۆلۆنیالی خۆی دەبینێتەوە، رۆڵی سەرەکی لە دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە بەپێی پەیمانی سایکس –پیکۆ هەبوە، و کاریگەری دەوڵەتانی فەرەنسا و روسیا بە دەرەجەی دووەم دوای بەریتانیا دێت.

رۆژهەلاتی ناوەراست بە درێژایی مێژوو بایەخی ستراتیجی و جیۆپلۆتیکی تایبەتی هەبوە. رەنگە بکرێ بڵەین لەم دەڤەرەدا هیچ کات نەبوە کە شەر و نا ئارامی بونی نەبوبێ. کوردستان واتە ئەو ناوچانەی کە کورد زۆرینەی دانیشتوانی پێك دێنێ کەوتوەتە ناو پر بایەخ ترین بەشی رۆژهەلاتی ناوەراست، کە بە دڵی رۆژهەلاتی ناوەراست ناسراوە. هەروەها بە شێکی هەرە گرینگی مانگی سەوز کە بە درێژایی مێژوو سەرچاوەی شەرو پێکدادان لە نێوان دانیشتوانو هۆزو هێزە دەرەکیەکان بوە. گرینگی جۆگرافی ئەم ناوچە چ لە رابردۆی کۆن وە چ

له سەدەکانی نویٚ دا به بۆنەی هەبونی زنجیرە چیای تۆرۆس ۆ زاگرۆس، دەشتو بانی بە پیتو و گرینگتر لەمانە کەوتنی نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا کە وەکو پردێك ئەوروپا و رۆژهەلات و باشورو باکور واتە نێوان ئاسیای ناوەند، قەوقاز و ئەفریقا و نیمچە دورگەی عەرەبستانی پێکەوە دەبەستیٚ، بایەخێکی یەکجار زۆری بەخشیوە بە کوردستان. هەربۆیە بەردەوام توشی شڵەژاوی و پەشێوی بوە.

کورستان بە درێژایی مێژو بە هۆی ئەو خاڵانە کە بە گشتی باسمان کرد، لە نێوان بانگەشەکەرانی حکومەت کە زۆرینەیان هێرشکەرانی دەرەکی (دەرەوەی رۆژهەلاتی ناوەراست) بوون دابەش کراوە. هەندێك جاریش بە هۆی بارودۆخی گۆنجاو میرنشینێکی کورد توانیبوی سنوری ئەو دابەش کردنە ببەزێنێتو خۆی فەرمانرەوایی بکات. بەڵام دابەشکرنی کوردستان هیچ کات شێوازێکی فەرمی بە خۆیەوە نەگرت، تا ساڵی ١٦٣٠ز. کە بۆ یەکەم جار و بە پیٚ رێکەوتن نامەی زەهاو لە نێوان ئیمپراتوری عۆسمانی و سەفەوی دابەش کرا. بەم جۆرە کوردستانی ئێران و کوردستانی عوسمانی لە دایك بون. رێکەوتننامەی زەهاو تەنانەت پاش روخانی دەولەتی سەفەوی و هەروەها پاش چەن جار ئاڵو گۆری سەرزەمینی نێوان عۆسمانی و ئێران، کرا بە بنەماییێك بۆ ئاشتەوایی ئەو دو وڵاتە. ئەمە یەکەم جار بوو کە پاش روخانی حۆکمرانی بنەماڵەییێك رێکەوتن نامەییێك دەبو بە بنەمای سنوری سەرزەمینی. بۆیە دەکریٚ ئەم رێکەوتننامەیە بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژوی کوردستان دا بنەین. چون هەر ئەم رێکەوتن نامەیە پاش روخانی ئیمپراتوری عۆسمانی لە نوسینی رێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ کاریگەرە وە دەستێوەردان لە ناو ئەو سنورە بە دەستێوەردان لە سەربەخۆیی ئێران لە ئەژمار دەدرێت.

ئەم توێژینەوەیە نایەویٚ مێژوی رۆژهەلاتی ناوەراست و کورستان لێك بداتەوە، بەلکو بە ئاماژە کردن بەم خاڵانە دەیەویٚ روونی بکاتەوە کە ئەم ناوچە بۆچی گرینگەو؟ ئەم گرینگیە بوەتە هۆی شڵەژاوی و نائارامی بە درێژایی مێژۆی شارستانیەت لەم دەڤەرەدا. هەروەها ئاماژە کردن بە گرینگی ئەم ناوچە پەیوەندی لە گەڵ پاوانخوازی وڵاتە زلهێزەکان لە مێژۆی هاوچەرخ دا هەیە. بە تایبەتی لە سەروبەندی شەری جیهانی یەکەم وە بە تایبەت لە نوسینی رێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ کە بابەتی ئەم لێکۆلینەوەیە. پرسیارگەلێك کە لێرەدا دێنە ئاراوە کە ئەم توێژینەوە هەولٚ دەدا وڵامییان بۆ بدۆزێتەوە" بۆ نمونە سەربەخۆیی ئێران بۆچی ئەوەندە گرینگ بوە؟ کی زۆرترین سودی لیٚ وەر گرتووە؟ هاوسەنگی هێز لەو سەردەمە چ کاریگەرییێکی لە سەر دارشتنی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراست دانا؟ پەیوەندی ئیمپراتوری بەریتانیا بە زلهێزە کۆنەکان وەکو روسیاو فەرانسا وە زلهێزە نوێکان وەکو ئاڵمانیا چ کاریگەرییێکی لە سەر نوسینی رێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ دانا بو؟ وە سەبارەت بە ناوچۆ کوردستانیەکان پرسیاری گرینگ ئەمەیە کە بۆچی داواکاری کوردەکان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان پشت گویٚ خرا؟

ئەو پرسیارانەن کە بە وڵامدانەوەیان هۆکارە بنەرەتیەکانی بە ئەنجام نەگەئیستنی داواکاری چالاکانی کورد تا رادەییێك روون دەبێتەوە. ئەم توێژینەوە بە تیشك خستنە سەر مێژووی چالاکیەکانی ئیمپراتوری بەریتانیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم وە سەرەتای سەدەی بیستەم دەیەویٚ سەردەمی شەری جیهانی یەکەم، بنەماڵەی

قاجار له ئێران حۆکمرانیان دەکرد. حۆکمرانییێکی بێ خەبەر لە پێشکەوتنەکانی دۆنیای نوێ، کە ئیرانیان دو دەستی پێشکەشی وەلاتە کۆلۆنیالیەکان بە تایبەت بەریتانیا و روسیا کردبو. بە واتاییێکی تر لە بەین چونی سەربەخۆیی ئێران زۆر ئاسان بو(وە تەنانەت چەند بەشێکی لە پچرا) بەڵام سەربەخۆیی ئێران دەبێت بە خالی هاوبەشی بەریتانیا و روسیا، دوو زلهێزی کاریگەر لە داڕێشتنی سنورە نوێکان لە ڕێکەوتن نامەی سایکس–پیکۆ دا. لێرەدا پێویستە باسی سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بە ئێران و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بکەین.

بابەتی ئەم توێژینەوە بابەتێکی زۆر گرینگە کە کەمتەر لەبەر چاو گیراوە، بۆیە گرینگترین ئامانجی ئەم توێژینەوە بە دەرەجەی یەکەم دووبارە تیشك خستنەسەر ڕێکەوتننامەی سایکس–پیکۆیە لە روانگەییێکی ترەوە، هەروەها درۆست کردنی دەروازە وە بابەتێکە بۆ توێژەران.

گرینگی ئەم توێژینەوە و هەبوونی بەڵگەو نوسراوی زۆر لە لاییکەوە وە نەبوونی کاتی پیویست لە لاییکیترەوە گرفتی گەورەی ئەم توێژینەوەیە، وە ئەمە گرفتێکی بنەرەتیە. بۆیە لەم روەوە جێگای کار کردنو وردبینییێکی زۆرترە.

ڕێبازی لێکۆلینەوە لەم توێژینەوەیە مێژوویی و شیکارانەو لە هەمانکات دا کتێبخانەییە، بەم جۆرە کە به سود وەرگرتن لە نوسراو بەڵگەنامە میژوویەکان هەوڵ دراوە کە تیۆری توێژینەوەکە بسەلمێنرێت.

لەم توێژینەوەیە سیاسەتەکانی ئیمپراتوری بەریتانیا میحوەری سەرەکین، بۆیە دابەشکردنی بەشەکان پەیوەندی هەیە بە پەیوەندیەکانی ئەم دەولەتە لە گەڵ یاریکەرانی ئەو سەردەمە. لە بەر ئەم رەوتە، ئەم تویژینەوە لە چەند بەشێك پێك هاتوە کە بریتین لە پەیوەندی وە سیاسەتەکانی بەریتانیا سەبالەگەڵرەت بە ئێران، روسیا، وفەرانسا و ئالمان وە عوسمانی.

هاتنی ولاتە کلۆنیالیەکان بەرۆ ڕۆژهەلات دەگەرێتەوە بۆ ٤ سەدە لەمەوبەر، بەلام لە سەدەی نۆزدەم و بیستەم زۆرترین کاریگەریان لەسەر ڕۆژهەلات دانابوو. پانتایی ئەو کاریگەریە بە دریژایی کیشوەری ئاسیا بوو، لەژاپۆن تاکو ئاسیای ناوەندو دەریای ناوەراست. ئەمە دەگەرایەوە بۆ خسڵەتی سیستەمی ئابووری ئەو سەردەمە کە دەوڵەتانی ناچار دەکرد پاڵپشتی پیشەسازی پیشەیی وە بازرگانی بۆ داگیر کردنی بازارە نوێکان، بن. لەم توێژێنەوەیە دەست خراوە سەر بەشێك لەم پانتاییە کە بە ڕۆژهەلاتی ناوەراست ناسراوە. با واتاییێکی تر بە لەبەرچاوگرتنی فاکتۆرە جۆراوجۆرەکان، ڕۆژهەلاتی ناوەراست وە کوردستان بەتایبەت کراونەتە ئامانج. بەلام لە پایوەندی لە گەڵ سیاسەتە بالاکانی ولاتە کلۆنیالیەکان وە بەتایبەت بەریتانیا نەك وەکو، ناوچەییێکی تاك کە هەمۆ ئەنجامەکانی، دەرەنجامی بارۆدۆخ و رۆڵی دەوڵەتە ناوچەییەکان بوبێت.

بەریتانیا یەکێك لەو زلهێزانە بو کە سەرەرای ئەوەی بە دواکەوتنەوە هاتە ناو ڕۆژهەلاتی ناوەراست، بەلام زۆرترین کاریگەری لە سەرجۆگرافیای سیاسی ناوچەکە دانا. وە لەسەر سیسەتەکانی ئو ولاتە چەندین دەولەتۆ نەتەوە سەریان هەڵدا کە هەندێکیان هێشتا کێشەکانیان بێ چارەسەر ماونەتەوە. گرینگترینی ئەو کێشانە، کێشەی ڕێکەوتننامەی سایکس–پیکۆیە کە نەیتوانی لە درۆست کردنی دەوڵەتە نویکان سەرکەوتو بێت،

**چونکە لەو نەخشە دارشتنە ڕەچاوی جیاوازیە قەومی، جوگرافی وە ئاییینەکان ناکراوە. لەم سەروبەندە دا کوردستان دەبێتە ناوەندی کێشەکان . بۆیە لێرەدا ئەگەر بمانەوێ باسی کێشەی ناوچە کوردیەکان بکەین، دەبێت لە پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی دەراوسە دا بێت. بە واتاییکی تر باس کردن لە پەیوەندی کلۆنیالیسم لەگەڵ دراوسێکانی کوردستان دەمانگاتە ریشەی سەرەکی کە کێشەکە.**

## بەریتانیا و ئێران

**بەریتانیا دوای زاڵ بوونی تەواو بە سەر هندستان هۆگری ڕەوشی ناوخۆیی ئێران دەبێت و ترسی ئەوەی بوو کە حکومەتی تیزاری ڕووسیا بتوانێت بە سەر ئێراندا زاڵ ببێت و بەرژەوەندیەکانی ئەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە مەترسیەوە. بۆیە لە باشووری ئێران لە ڕێگای کۆنترۆڵی هۆزەکانی ناوچە و گرتنی ئیمتیاز لە حکومەتی ناوەندی پێگەی خۆی بە هێز کرد.**

**حکومەتی ناوەندی ئێران توانای کۆنترۆڵی بە هێزی بە سەر هەموو ناوچەکان نەمابوو و تەنها لە ڕێگای هێرش کردن بۆ ڕۆژهەڵات دەیتوانی کۆنترۆڵیان بکات. ئەمە مەترسی درووست دەکرد بە سەر هندستان و گرینگتر لەوە مەترسی داگیر کردنی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە لایەن ڕووسیاوە دروست دەکرد، وەکو ئەو ناوچانە کە پێشتر بە پێ دو ڕێکەوتن نامەی گوڵستان و تورکەمەنچای داگیری کردبون. بۆیە بەریتانیا ناچار بو بە هەر شێوەییێك بەرگری لە یەکپارچەیی ئەفغانستان بکات. پەیرەوی ئەم سیاسەتە سێر گور ئۆزلی نوێنەری بەریتانیا لە ئێران، لە ساڵی ١٨١٠ ز. توانی بووی لە ڕێگای ئەبۆلحەسەن خانی ئیلچی وەزیری ڕێکەوتنێك واژۆ بکات کە بەو پێیە ئێران بەڵێنی دەدا کە دژی ئەو ئەفغانە یاخیانە کە دژی دەوڵەتی بەریتانیا سەربزێو بوون ڕاوەستێ[1]. کۆتایی و لوتکەی ئەم سیاسەتە جیا کردنی بەشێکی زۆری خاکی ئێران لە ڕۆژهەڵات بە پێ ڕێکەوتننامەی پاریس لە ساڵ ١٨٥٧ز. و پێکهێنانی وڵاتێکی نوێ کە ئەفغانستان ناسراوە، بو[2].**

**لە باشووری ئێران، بەریتانیا توانی بووی بە سود وەرگرتن لە بێخەبەری و خەوتنی پاشاکانی سەفەوی و قاجاری‌دا دەسەڵاتی هەمە لایەنە درووست بکات. بەڵام بۆ ئەوەی سەرنجی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕانەکێشی، لە ڕێگای سەرۆك هۆزەکان کۆنترۆڵی ناوچەکەی دەکرد. پەیوەندی بەریتانیا لەگەڵ شێخ خز علی بن جابر لە ناوچەی خوزستان لە سەر ئەم بنەمایەبو. پارێزگاری لەو ڕێگایانە کە بە هێندوستان کۆتایی پێدەهات کە بە جۆرێك دەماری ژیانی ئێمپراتوری بەریتانیا لە ئەژمار دەدرا[3]. بەڵام سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر بە شێخ خەزعەل ئەمە پێشان دەدات کە سەرەڕای ئەوەی حکومەتی ناوەندی ناچار دەکرد دان بە دەسەڵاتی خەز عەل دا بنێت، لە وڵامی داواکاریەکانی خەزعەل بۆ سەربەخۆیی لە ناوچەی خوزستانی ئێران بەردەوام نا بو. ئەمە لە کاتێکدا بوو**

[1] اسماعیل، رائین، حقوق بگیران انگلیس در ایران، نشر چاپخانه عامی، تهران، چ ۹، ۱۳۷۲، ل ۳۱.

[2] اروند آبراهامیان، تاریخ ایران نوین، ترجمه شهریار خواجیان، تهران، نشر دات، ۱۳۹۰، ل ۷.

۳- ویلیام نئودور سترانگ، حکومت شیخ خز علی بن جابر و سرکوب شیخ نشینان خوزستان، ترجمه صفاء الدین تبرانیان، موسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران، تهران، ۱۳۸۵. ل۱۱.

که لایەنگێرییێکی سەرسوڕهێنەریشی لێ کردبوو، کاتێك کە خەزعەل توانیبوی بەسرە بۆ بۆ بەریتانیا داگیر بکات، بەڵام لایەنگرییێکی کاتی بو. بەم جۆرە کە ئەگەر خەزعەل بە بەریتانیا وەفادار دەمایەوە ماف خۆ بەڕێوبەری پێ دەدرا. دیارە ئەم شەرتە مانای ئەوە بو کە بەریتانیا دەیتوانی هەرکات پێویستی بە خەزعەل نەدەما بیانوێکی بو دروست بکات[1]. بە کورتی بەریتانیا دەیەویست باشووری ئێران داگیربکات بە هێزی عەشیرەتی بۆ پاراستنی هیلێك کە لە هێندوستانەوە دەستی پێ دەکرد و لە بەندەری حەیفا کۆتایی دەهات.

ئەمە سیاسەتی ڕونی بەریتانیا بوو، بەلاّم بەرەو پێش بردنی ئەم سیاسەتە ئاسان نەبو بە تایبەت سەبارەت بە ئێران چونکە ڕووسیا چاوی بەرەو ئێران بوو" هەم بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان هەم بۆ زەرەر لێدان لە بەرژەوەندیەکانی ئێمپراتوری بەریتانیا و هەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری خۆی. قاجارەکان پاش شکەست هێنانیان لە ڕووسیا و واژۆ کردنی دوریکەوتننامەی گوڵستان ۱۸۱۳ ز. و تورکەمەنچای ۱۸۲۸ز. بە تەواوی چوونە ژێر دەسەلاّتی ڕووسیاوە. قەرزێکی یەکجار زۆریان لە ڕووسیا وەرگرتبوو زەمانی ئەو قەرزانە ئەو ئێمتیازانە بو کە پێ دڕابو[2]. بۆیە ڕووسیا هۆکاری یاسائیشی بۆ دەست تیوەردان لە کاروباری ئێران هەبوو. بۆ رون کردن دەرەجەی نفوزی «ڕخنەی» بەریتانیا و ڕووسیا لە ئێران بە هەندێك لە ئمتیازانە کە لە ئێران وەریان گرتبو ئاماژە دەکەین.

بەریتانیا بۆ یارمەتیدانی بازرگانەکانی خۆی بانکی شاهی ئێرانی لە ساڵی ۱۷۷۹ز. بۆنیاد ناو لە بەرامبەردا روسیا بانکی «استقراچی» دامەزراند. ماف کەشتی وانی لە روباری کارون، دروست کردنی جادە و هێڵەکانی تیلگراف لە باشووری ئێران ماف قورخکراوی چاپی پارە و ئمتیازی دارسی پشکی بەریتانیا بوو و ڕووسیاش گومرۆکی باکوور، دارستانەکانی باکوور هێڵی ئاسن و تیلگراف و بە گشتی زۆربەی ئەو ئیمتیازەکانی باکوور پشکی ڕووسیابوون[3].

هەر بۆیە ئەم دوزلهێزە ناچار بوون دان بە دەدسەلاّتی یەکتر دابنێن و بە پێرێکەوتنێك، ئێران لە نێوان خۆیان دابەش بکەن. ئەم ڕێکەوتنە نەنوسراوە لە ساڵی ۱۹۰۷ ز. بە شێوازێکی نهێنی فەرمی کرا بە پێ ئەو ڕێکەوتنە حکومەتێکی لاواز لە ناوەندەوە حوکمرانی دەکرد. و هەردو دەوڵەتی ڕووسیاو بەریتانیا لە باکوور و باشوور خاوەنی هەمو شتێك بوون [4].

باس کردن لە کێشەکانی ئێران بۆ پرسی کۆرد گرینگێکی یەکجار زۆر هەیە چونکە ڕۆژهەلاّتی کوردستان لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران بو و ئەگەر نێوان، ڕووسیا و بەریتانیا ڕێکەوتنێك هەبو بۆ پاراستنی سەربەخۆیی

---

١- هەمان سەرچاوە . ل ١٣.

٢- اروند آبراهامیان، سەرچاوەی پێشو، ل ٧٠.

٣- اروند آبراهامیان، سەرچاوەی پێشو . ل ٧٤-٧٠.

٤. کتاب آبی و گزارشهای محرامانە وزارت امور خارجە انگلیس دربارە انقلاب مشروطە ایران، بە کوشش احمد بشیری، نشر نو، جلد اول، چاپ دوم، تهران ١٣٦٢. ل٧٤. هەروەها: مصطفی علم، نفت، قدرت و دولت-پیامدهای کودتای 28 مرداد، ترجمە غلامحسین صالحیار،نشر چاپخش، چاپ اول، تهران 1377. ل ٣٤. هەروەها :

ئێران مانای ئەوە بو کە هیچیان نەیان دەتوانی بەشێك لەم خاکە جیا بکەنەوە" وە هەبوونی دەسەڵاتێکی لاوازی ناوەندی سەرەراییپێویست بونی بۆ شەرعی کردن و زەمان کردنی ئیمتیازەکان، بۆ پیشان دانی یەکپارچەیی ئێران بوو. سەبارەت بە بەریتانیا تەنانەت سیاسەتی هەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی لاواز لە سەروبەندی شەڕی جیهانی یەکەم گۆڕیبو بە سیاسەتی بە هێز کردنی حکومەتی ناوەندی بۆیە دابەش کردنی ئێران بە مانای ڕوخانی هەمو ئەو پلانانەبو کە لە سەدەی ١٨ زایینیەوە بەریتانیا بەرەو پێشی بردبو.

ئەم تیوژینەویە تیۆرێك دەخاتە ڕو کە وێرای ڕەچاوکردنی هەمو لایەنەکانی بەرژەوەندی و بەر بەست، پاراستنی هندوستان و پەیوەست کردنی بە دەریای ناوەڕاست و بەندەری حەیفا پربایەخترین ستراتیژی کولونیالی بەریتانیا بو. بۆ نمونە کۆمپانیا بەریتانیایەکان لە ئاناتۆڵی رۆژئاوا لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کۆمەڵە ئیمتیازانێکیان لە دەوڵەتی عۆسمانی وەرگرتبو کە سەرچێوەی داهاتی خەیاڵی بون وە قۆرسیو گرینگی تایبەتی بە ئەوناوچە دابو[1]. بەڵام لە بەراورد لە گەڵ هیندوستان ڕێژەییێکی یەکجار کەم بو. گرینگی وڵاتی هندستان چەند لایەنێکی لە خۆ دەگرت یەکەمیان بایەخی ئابوری ئەم وڵاتە بو بۆ بەریتانیا. بەمجۆرە کە پاش دۆزینەوەی ڕێگا دەریایە دورەکان لە لایەن ئوروپایەکانەوە بەریتانیا بە هۆی هەبوونی هێزی دەریایی بە هێزو پێشەسازیێکی پێشکەوتو دەبێتە فەرمانرەوای دەریاکان وە بە هۆی هەبونی ئابوریێکی بەرەو پێش ناچار دەبیٚ دەست بە داگیر کاری بدات. وەکو هاوتا ئەوروپیەکانی. لەم سەردەمەدا کە بە میرکانتێلیسم ناسراوە، پاش تێپەڕبوونی چەند دەهەیێك هندستان بو بە سەرچاوەی بەهارات، پەمە و مادەی خاوی بەشەکانی تر بۆ پیشەسازی ناوخۆی بەریتانیا. بەڵام دوری ڕێگاو سەختی هاوردە کردنی شتومەك لە هندستان بۆ بەریتانیا سیاسەتی ئەو وڵاتەی گۆڕی . بەمجۆرە کە بە جیاتی هاوردەکردنی مادەی خاو لە هندوستان دەست بکا بە بەرپا کردنی کارگەکان وە لەسەر ئەم سیاسەتە بو کە هندوستان بو بە وڵاتێك کە سەرمایەگوزاری زۆری لیٚ کراو هەر ئەمە بەریتانیای ناچار کرد کە بە چڕی پێگەی خۆی لەو وڵاتە بە هێزتر بکات. دەرنجامی سیاسەتە ئابوریەکانی بەریتانیا گۆرانی هند بو لە وڵاتێکی کولونی بە بەشێك لە ئیمپراتوری خۆی[2].

## بەریتانیا- ئاڵمانیا و فەرانسا

لە سەرو بەندی شەڕی جیهانی یەکەمی دووبەرە درووست بوون بەرەیێکیان بە هاوپەیمانی سێگۆشە ناسراوە کە بریتی بو لە ئاڵمانیا- (نەمسا- هەنگاریا) و ئیتالیا بەرەی تر سەرەتا روسیاو فەرەانسە بون. لە ساڵی ١٨٩٢ز. دو وڵاتی روسیا و فەرانسا بەرانبەری هاوپەیمانی سیٚ گۆشە بە مەبەستی پشتگیری کردن لە

١. رحیم رئیس نیا، ایران و عثمانی در آستانه قرن بیستم، انتشارات ستودهو جلد سوم، چاپ اول و تهران ١٣٧٤. ل ل ١١٠-١٠٧.

2 .The coming struggle for India, Armingius Vambery, Cassell & Company, Limited, London, Paris, new York, Melbourn, 1885. Pp190-195.

یەکتر ڕێکەوتنی سەربازیان واژۆ کردبو. وە لە سالآنی دواتر بەریتانیاش پەیوەست دەبی پێیان. بەواتاییێکی تر دژایەتی ئالمان دەبێتە خالی هاوبەشی بەریتانیا لەگەڵ فەرانسەو روسیا[١].

روخانی ئێمپراتوریە کۆنەکان دوای کۆنگرەی ویەن[٢]، دروست بونی پێویستی بە بازارە گەورەکان، دەرکەوتنی چەند زلهێزی نوێ وەکو ئالمانیا، داریشتنی نەزمێکی نوێ جیهانی حەتمی کرد. ولآتە تازە گەشە سەندوەکان بە دوای پشکی خۆیان بوون لە ولآتە کلونیالیکان. ئاڵمانیا وەکو زلهێزێکی نوێ گرینگترینی ئەم ولاتانە بو.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم پیشەسازی ئالمانیا بەرەوپێشچونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. دەرەنجامەکەی بەرهەمی زۆر بو. بەرهەمی زۆر پێویستی بە بازاری گەورەهەبو. بۆیە سەرمایەداری ئالمانیا دەوڵەتی هاندەدا بەرەو سیاسەتی کۆلۆنیالیسم و رکابەری لە گەل زلهێزەکانی تر. ئاڵمانیا وەکو زلهێزێکی نوێ توانی بوی جێ پێ خۆی لە ڕۆژهەلآت بکاتەوە و ئیمپراتوری عوسمانی بکات بە هاوپەیمانی خۆی و لە کۆتایی سەدەی نوزدەدا گۆشاری بازرگانە ئاڵمانیەکان حکومەتی مترنیخی ناچار کرد واز لە سیاسەتی موحافیزەکارانەی خۆی بێنێت و بە هێزی سیاسی و سەربازی لە ئابوری گەشە کردوی ئاڵمانیا پشتگیری بکات. بۆیە دەستی کرد بە دروست کردنی هێزی دەریایی گەورەی بۆ داگیرکردنی ولآتە کۆلۆنیالیەکان و پەرەپێدان بە بازرگانی جیهانی خۆی. نێوان سالآنی ١٨٨٠–١٨٨٩ یەکەم کۆلۆنی خۆی لە ئەفریقا داگیر کرد[٣]. بەلآم فەرانسەو بەریتانیا ساڵەها پێش دنیایان نێوان خۆیان دابەش کردبو. ئاڵمان بۆ قەرەبوی ئە دواکەوتنە لە ئەفریقا دەستی بە هەر کارێك دا بەلآم خۆی بە شکست خواردو دەزانی بۆیە رۆی کردە ئاسیا و رۆژهەلآتی ناوەراست[٤].

هەروەها کە ئاماژەمان پی کرد، بەریتانیا رکێفی بە سەردەریاکان هەبو. وە ئەمە گەورەترین بەر بەست بو بۆ ئاڵمانیا. رکێفی دەریای بەریتانیا تارادەییکی زۆر گرێدرابو بە پاراستنی هندوستانەوە، بۆیە ئاڵمانیا بوی رون بو ئەگەر بتوانێ هندوستان داگیر کات یاکوو مەترسی دروست بکاتە سەر ئەو ولآتە رکێفی دەریایی بەریتانیا کۆتایی پێ دیت. یان لانی کەم دروست کردنی مەترسی لە هندوستان توانای دەریایی بەریتانیا لە دەریای ئەتلەسی و دەریای بالتیك کەم دەکاتەوە. هۆکارێکی گرینگی مەترسی ژاپۆن بو لە سەر کۆلۆنیەکانی فیلیپین. ئاڵمان لە ڕۆژهەلآتی دور توانی بوی کولونی خۆی لە کۆمەڵە دورگەی فیلیپین دابمەرزێنێ. بەلآم ژاپۆن وەکو زل

١. الکساندر آوریاتوف، ابلیا گالکین و دیگران، تاریخ عصر جدید از کمون پاریس تا انقلاب اکتبر، ترجمە محمد تقی فرامرزی، انتشارات شباهنگو تهران ١٣٥٩. ل١١٢.

[٢] لە ساڵی ١٨١٥ ز. دا نێوان وڵاتانی رۆسیاو فەرانساو بەریتانیا و ئالمانیا کۆنگرەیێک بەسترا کە بە کۆنگرەی ڤییەنا ناسراوا. ئەم کۆنگرە پاش شکست دانی ناپێۆن وە بە هۆی پاوانخوازیەکانی ناپلیونەوە بەسترا. بە پێ ئەم کۆنگرەیە هیچە وەڵاتێک مافی دەس درێژی و پاوان خوازیلە ئەوروپا نەدەما، وە هەر وڵاتێک دەس درێژی بکردایە سەر خاکی وڵاتێکی دیکە لە لایەن ئوانیترەوە سەرکۆت دەکرا.

٣. هەمان سەرچاوە . ل٥٧.

٤. الکساندر آوریاتوف و دیگران، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٥٨–٥٧.

هێزێك مەترسی لە سەر دورگەكانی فیلیپین دروست كردبو. ژاپۆن هەڵگرسانی شەڕی جیهانی یەكەم وەكو هەلێك دەزانیٚ بو دەست بە سەر داگرتنی كولونیالیەكانی ئاڵمان. و لە ساڵ ١٩١٤ز. پاش ڕاگەیاندنی شەڕ بە ئاڵمان دەستی بە سەر هەموو كولونیەكانی ئاڵماندا گرت. بۆیە ئاڵمانیا روی كردە عوسمانی وە دەیویست لە ڕێگای عوسمانیەوە بگاتە هندوستان و پاشان دۆرگەكانی فیلیپین[١].

نفوزی ئابوری بەریتانیا لە سنوری دەوڵەتی عوسمانی لە كۆتایی سەدەی نۆزدەی زایینی دا بە ڕێژەیێكی بەرچاو كەم بووەوە. هۆكارەكەشی دەگەرایەوە بۆ قەیرانی ئابوری ساڵی ١٨٧٠ز. كە بە پێچەوانەی ئاڵمانیا كاریگەری زۆری لە سەر بەریتانیا دانابو. ئاڵمانیا توانی لە ئەو دەرفەتە باشترین ئیستیفادە بكات. نفوزی ئاڵمانیا لە وڵاتە كۆلۆنیالیەكان لە ڕێگەی سیستەمی بانكی ئەو وڵاتەبون. بانكەكان وڵاتانیان نێوان خۆیان دابەش كردبو، وە هیچیان لە ناوچەی دەسەڵاتی ئەویتر دەستێوەردانی نەدەكرد. لەم دابەش كردنە دا عوسمانی پشكی بانكی دۆیچە بوو. ئەم بانكە توانی بوی تا ساڵی ١٩١٢ز. نزیكەی ٢٠ لە سەدی قەرزەكانی عۆسمانی دابین بكات[٢]. پشكی بەریتانیا لە هاوردەكردنی بەندەری ئەزمیر لە ساڵی ١٨٧٨ز. ٤٥.٤ لە سەد بو. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٠٥ز. بۆ ٣١ لە سەد كەم بووەوە. لە حاڵێك دا پشكی ئاڵمان لە ساڵی ١٨٧٨ز. ١٠ لە سەد بو، كە لە ساڵی ١٩٠٥ز. گەئیشتە نزیكەی ٢٨ لە سەد، ئەمە پیشان دەدات كە ئینحیساری بەریتانیا لەو وڵاتە كۆتایی هاتبو، وە هەرچەندە هەوڵی دا كە بەر بەست بخاتە بەر گەشەی ئابوری ئاڵمانیا شكستی خوارد[٣]. بۆیە هاتنی بە هێری ئاڵمانیا بەرو رۆژهەڵاتی ناوەراست ببو بە مەترسی گەورە بۆ بەریتانیا" ئەم مەترسیە هۆكاری سەرەكی دروست بونی هاوپەیمانی دژی ئاڵمانیا بو. نفوزی ئاڵمان لە ئیمپراتوری عوسمانی مەترسیشی لە سەر بەرژەوەندی فەرانسەو روسیاش دروست دەكرد. بۆیە ئەو سیٚ وڵاتە هەوڵی خۆیان چر كردەوە بۆ بەرگری لە ئاڵمانیا. دەرەنجامی ئەو هەوڵە دیاری كردنی سنوری دەسەڵاتی هەركامیان بو لە رۆژهەلاتی ناوەراست، بە شێوازێكی فەرمی. كە دەرەنجامەكەی لە ڕێكەوترن نامەی سایكس-پیكۆ خۆی نواند. ئەم دابەشكردنە بە بیٚ رەچاو گرتنی سنورە ئیتنیكیەكان(قەومی) رودەدات. لەم دابەش كردنە بەریتانیا دەوری سەرەكی هەیە. جیٚ ئاماژەیە كە پێش هاتنی ئالمانیا بۆ عوسمانی، بەریتانیا هاوپایمانی سەرەكی عۆسمانی بو. لە شەرەی نێوان عوسمان وە روسیا بەریتانیا سەرۆك هۆزە كۆردەكانی هاندەدا دژی روسیا شەر بكەن. بەریتانیا تەنانەت ئاراستەی راپەرینی كۆردانی دەگۆری بەو هۆیە كە نەیاندەویست هاوپەیمانی خۆیان لە بەرانبەر روس بیٚ دەسەڵات بیٚ[٤].

---

١- هەمان سەرچاوە ، ل٢٩٠.

٢. رحيم رئيس نيا، ايران و عثمانی در آستانه قرن بيستم، انتشارات ستوده، چاپ اول، تهران ١٣٧٤. ل ل ٢١٩-٢١٨.

٣. هەمان سەرچاوە. ل ٢٢٠.

٤. مۆجتبی بۆرزویی، بارو دۆخی سیاسی كوردستان(١٩٤٦-١٨٨٠ز.) ، وەرگێر: نازناز مۆحەممەد ئەبدۆلقادرو ئەوانی تر، دەزگای چاپی موكریان، هەولێر ٢٠٠٥. ل ٧٦-٧٥.

لەم سەروبەندەدا فەرانسە وەکو هێزێکی نوێ هەرچەندە لەگەڵ بەریتانیا بەگشتی سیاسەتێکی تەبایان بوو، لە سەر وڵاتە کۆلۆنیالیەکان لە باکوری ئەفریقا و ئاسیا کێشەیان جێدی بو. بۆیە بەریتانیا ئەگەر ویستبای فەرانسە لەگەڵ خۆی هاورا بکات پێویست بۆ دان بە بەرژەوەندیەکانی فەرانسە دا بنێت. لە لایێکی ترەوە سەرمایەداری ئینحیساری ئالمان مەیلی زۆری بە داگیر کردنی ولاتی مەغریب هەبو. فەرانسەش مەغریبی بە ئیدامەی سروشتی ئەلجەزاییر کە سالەها پێش داگیری کردبو، دەزانی بۆیە ناچار بو لە گەل بەریتانیا سازش بکات تا بتوانێ بەرەنگاری ئالمانیا ببێتەوە. هەر بۆیە لەگەڵ بەریتانیا سازش دەکات وە لەم سازشە دا بەشی ڕۆژئاوای کوردستان دەبو بە بەشێك لە کۆلۆنی فەرانسە. دوای سازش لە گەڵ بەریتانیا لە سەر ناوچە داگیرکراوەکان دەستیان کرد بە بەهێز کردنی پێگەی خۆیان لە مەغریب وە بە جدی ئامادەی شەر لە گەل ئالمان بونەتەوە[١].

## بەریتانیاو روسیا

لە روسیا لە سەردەمی پتری گەورە بەدواوە، خۆلیای گەیشتن بە ئاوە گەرمەکانی دورگەی فارس و دەریای عومانی ببو بە ئاواتێك کە بۆ بەدەست هێنانی سیاسەتی دەگێرا و بەردەوام بۆ پەرەپێدان بەو سیاسەتە لەگەڵ وڵاتی ئێران لە شەڕدا بو. دەرنجامی ئە شەڕانە داگیر کردنی بەشێکی زۆری باکوری ڕۆژئاوای ئێران و ژێردەست بردنی پاشاکانی قاجاری ئێران بو. هەر وەها لە سەدەی ١٨ز. دا لە باکوری ڕۆژهەلاتی ئێران و باکوری ئەفغانستان سیاسەتی پاوان خوازی بەرێو دەبرد و ئەمە مەترسی ڕاستەوخۆی لە سەر هندستان دروست کردبوو. بۆیە بەریتانیا سەرەڕای تیچونی زۆر چەندجار هێزی سەربازی ڕەوانەی ئەفغانستان دەکا و لە ئەنجام دا ئەفغانستان لە ئێران جیا دەکاتەوە و حکومەتێکی ژێردەستی خۆی دادەمەزرێنی[٢].

سەرای خەرجی زۆری ناردنی هێز بەرەو ئەفغانستان بەرگری لە ڕۆژئاواوە زۆر پێویست بو بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە هێند ئەو وڵاتەی ناچار کردبوو کە لە سەر سنورەکانی ئەفغانستان چاودێری جموجۆڵی سەربازی ئێران بکات. هەر وەها بۆ سەرگەرم کردنی ڕووسیا حکومەتێکی نامێهرەبان لە ئەفغانستان بێنێتە سەر دەسەلات[٣].

ئەگەرچی بە لای بەریتانیاوە، ڕووسیا ئەو هێزە نەبوو کە بتوانێ مەترسی گەورەی بۆ دروست بکات بەلام لانی کەم دەیتوانی بەشێك لە دەسەلاتی چەکداری بەریتانیا بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات. ڕووسیا بە گشتی مەترسییێك لە سەر هێندوستان بوو و ئەمە لە وڵاتی ئەفغانستان خۆی پێشان دا[٤].

١. الکساندر آوریاتوف، ابلیا گالکین و دیگران، تاریخ عصر جدید از کمون پاریس تا انقلاب اکتبر، ترجمه محمد تقی فرامرزی، انتشارات شباهنگو تهران ١٣٥٩ . ل١١١.

٢. رۆژنامەی حبل المتین، ژمارە ٤٣، کلکته ، ٢٠ مەی ١٩١٢. ل ٨.

3 – histoy the war in Afghanistan/ John wil liamkaye vol.d London, 1851, p 668.

4 – invasion of india from contral asia, London, Richard Bentley and son, 1879, p 260.

سەبارەت بە ئێران، روسیا مەترسیەکی یەکجار گەورە بوو بە هۆی هەبوونی سنوورێکی بەرفراوان لەگەڵ ئێران و پەیوەندیەکی مێژوویی کە ئەو دوو وڵاتە پێکەوە بوویان بۆیە بەریتانیا ناچار بوو بەرامبەر بە ڕووسیا تارادەیەکی زۆر خۆراگری نیشان بدات و دەسەڵاتی ڕووسیا لە ناوچەکە بەفەرمی بناسێنێت" بۆیە ئامادە بوو وڵاتی ئێران لەگەڵ ڕووسیا دابەش بکات بەو مەرجەی سەربەخۆیی ئێران پارێزرا بێت. پرسیاری کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەمەیەکە بۆچی سەر بە خۆیی ئێران بە لای بەریتانیاوە هەندێ گرنگ بوو کە تەنانەت ئامادە بوو بۆ پاراستنی هەموو کارێك بکات. وە لام دانەوە بەم پرسیارە ئێمە ناچار دەکات کۆمەڵە پرسیارێکی تر دروست بکەین وەکو ئەمە کە سەر بە خۆیی ئێران چ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیاوە بوو و بۆ کێشەی کورد ئەم پرسیارە ئەبێت وە لام بدرێتەوە کە پاراستنی سەربەخۆیی ئێران چ پەیوەندیەکی بە ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆوە هەبوو.

تا سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم پێویستی بە نەوت لە ئاستێك نەبوو کە کاریگەر بێت لە سەر سیاسەتە گشتیەکانی زل هێزەکان بەڵام لە ناو ئەو شەڕەدا دەرکەوت کە نەوت ڕۆڵی چارەنووس سازی گێرا و نیاز بە نەوت زۆرتر لە هەر کاتێکی تر پێویست بوو. بۆ نمونە سەرۆك وەزیری فەرانسە (کلمانسۆ) وێرای داواکاری ئەمریکا بۆ دابین کردنی سوتەمەنی هێزەکانی لە شەڕ هەر دلۆپێك نەوتی بەرامبەر بە دلۆپێك خوێنی مرۆڤێك دە زانی. لۆرد کۆرزن. کاربەدەستی بەریتانیا لە ڕۆژهەلات هۆکاری سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمان بۆ هەبوونی نەوت دەگەرێنیتەوە [1].

بە کار هێنانی نەوت لە هێزی دەریایی بەریتانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٣٠ هەزار تەن بە ٣٣٠ هەزار تەن بەرز دەبێتەوە[2].

ئاماژە کردن بە گرنگی نەوت لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بۆ ئەوەیە کە وا دەر نەکەوێ ئەم توێژینەوە ڕۆڵی نەوتی ڕەچاو نەکردوە بەڵام دەربارەی ئێران و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نەوت چەند ساڵێك دوای کۆتایی هاتنی شەڕ دەدۆزرێتەوە و پاش یەك دوو دەیە ئەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ نەوت بۆیە نە ئێران و نە هیچ یەك لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە هۆی هەبوونی نەوتەوە گرنگیەکی ئەوتۆیان نەبووە. هەر بۆیە ئەبێت بە دوای ئەو هۆکارانەوە بکەوین کە زۆرتر ڕەنگی سیاسیان هەبوو وە گرێ درابوون بە بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵاتە زل هێزەکان و بە تایبەتی بەریتانیا.

## بەریتانیاو عوسمانی

پێشتر وتمان کە پاراستنی هێڵی هیندوستان- دەریای ناوەڕاست دەماری ژیانی ئیمپراتوری بەریتانیا بو و ئەوی کە پەیوەندی بە ئێرانەوە بو باسمان کرد. لێرەدا دەبێ باسی سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر عوسمانی و ئاڵمانیا بکەین و پەیوەندی ئەم سیاسەتانە بە سیاسەتە سەرەکیە کەیەوە.

١- مصطفی فاتح، پنجاه سال نفت ایران، سهامی چهر، تهران، 1335، چ 1، ل ل 132-133

٢- مصطفی فاتح، سەرچاوەی پێشو، ل ١٣٣.

بەریتانیا بەردەوام دژی پاوانخوازی ئەوروپیەکان لە ڕۆژهەڵات بو (لە ساڵی ١٧٩٨ز. ناپیلیون پاش داگیر کردنی میسر مەبەستی داگیر کردنی هێندوستانی بو) و بۆ پاراستنی پێگەی خۆی دەستی بە گۆرانی سیاسەتەکانی دەدا. تا ئەو کاتە کە ئیمپراتوری عوسمانی توانای بەڕێبردنی ڕۆڵی ناوچەی ناوەندی هەبوو لە سەربەخۆیی ئەو پشتگیری دەکرد. بۆ نمونە لە شەڕەکانی کریمە ١٨٥٤ز. لە بەرەی عوسمانی لەگەڵ ڕووسیا شەڕی دەکرد[١].

بەڵام پاش لاوازبوونی عوسمانی و چونە ژێر دەسەڵاتی ئاڵمانیا بۆخۆی ناچار دەبێ ناوچەی ناوەند دروست بکات. و لە سەر ئەم سیاسەتە دەستی کرد بە پێشگیری لە دەوڵەتە ئیسلامیەکانی ڕۆژهەڵات و لەو شوێنە کە دەوڵەتیش نەبو دەستی کرد بە دروست کردنی هەستی نەتەوایەتی عەرەبی چوونکە ڕوخانی ئیمپراتوری عوسمانی بە پێ سیاسەتێکی جێگیر مەترسی زۆری لە سەر دەسەڵاتی سیاسی بەریتانیا بو. مارك سایکس و پارلمانی بەریتانیای لە خەتەری هەرەسهێنانی ئیمپراتوری عوسمانی ئاگادار کردبو ئەو هەرەسهێنانی عوسمانی لەگەڵ لە دەست چوونی ئیمپراتوری بەریتانیا یەك دەزانی و تارادەیێکی زۆر سیاسیەکانی ئەوکاتەی بەریتانیا لەگەڵی هاورابون[٢] .

ئاڵمان بە دو هۆکار دەیویست لە ڕێگای ئیمپراتوری عوسمانی بگاتە هندستان، یەکەم، بۆ ئەوەی لە ڕێگای وشکاییەوە دەستی بگاتە فیلیپین" چونکە دەسەلاتی دەریایی بەریتانیا زۆرینەی ڕێگاکانی بردبو ژێر ڕکیفی خۆی و دوەمیان بۆ ئەوەی کە بتوانێ بە داگیر کردنی هێندوستان ، هێزی دەریایی بەریتانیا شکست بدات . یان لانی کەم بەریتانیا بە هێندوستانەوە سەرگەرم بکات و نفوزی خۆی لە ئۆروپا کەم بکاتەوە. بۆیە بەریتانیاش ناچار بو دەستی ئاڵمان لە ڕۆژهەڵات کۆرت بکاتەوە[٣].

بەریتانیا لە دو ڕێگاوە پەیوەست بو بە هندستان، یەکەم ڕێگای دەریایی ناوەڕاستەوە بەندەری حەیفا- عێراق باشووری ئێران. لە لایێکی ترەوە لە ڕێگای دەریایی ناوەڕاست تەنگەی سوئز ئوقیانووسی هند. پاراستنی هێڵی زەمینی بەرەو هێند گرینگی ستراتیجی بۆ. لەم ڕێگاوە دەیتوانی هێڵی تیلگراف بەرەو هێند دروست بکات. بێجگە لەمە دەیتوانی بە دروست کردنی پێگە سەربازیەکان، پارێزگاری لە پاوان خوازی ئاڵمان و عوسمانی لە باکوور بەرەو باشوور بکات. سەرەڕای ئەمانە بە سود وەرگرتن لە بەرهەمە کشتو کاڵیەکان و ئاژەڵداری دانیشتوانی زەنجیرەجیاکانی زاگروس و دەشت و بانەکانی دەوروبەری دەیتوانی خۆراکی پێویستی هێزی سەربازی خۆی دابین بکات" بۆ نمونە پەیوەندی بەریتانیا لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید سەرەڕای ئەوە کە

---

١- جرجیس نەتحولا، وریابونەوەی کورد، ١٩٢٥-١٩٠٠، وەرگیر حەسەن جاف، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دهۆک، ڕۆژگاری موکریان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل ١٠٥.

٢- همان سەرچاوە، ل ١٠٦.

٣. الکساندر آوریاتوف، ابلیا گالکین و دیگران، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٠-٥٩.

بۆ بەرگری لە هێرشی عوسمانیەکان بوو، گۆشتی پێویستی سوپای بەریتانیاشی دابین دەکرد[1]. عێراق ئەو وڵاتە کە لە ناو رێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ دا لە دایك بو، پشکی بەریتانیا بو. بەریتانیەکان لە رێگەی رۆژنامەو چاپەمەنیەکانیانەوە بەردەوام هەوڵیان دەدا کە ئێراق وەکو وڵاتێك پێناسە بکەن کە بەریتانیا لە دەستی عوسمانی رزگاری کردووە. تەنانەت لە رۆژنامە کوردیەکانیش کاتێك باسی ئێراق دەکرێ بە شێوازیك باسی دەکا کە کێشەی کورد لە دەرەوەی ئێراق واتە کوردانی عوسمانی پیشان دەدات[2].

## دەرەنجام

لە نیمەی دوهەمی سەدەی نۆزدەی زایینی ئاڵمان بو بە هێزێك کە توانی ڕکابەری دەسەڵاتی دەوڵەتە دەسەلاٗت داراکانی سەردەم بە تایبەت، بەریتانیای بکات. سەرەرای بەریتانیا، فەرانسەو و ڕووسیایش لە بە هێزبوونی ئاڵمانیا دەترسان. هەر بۆیە ئەو سێ وڵاتە سەرەڕای دوژمنایەییێکی کون کە هەیانبو لە ناو شەڕی جیهانی یەکەم دا دەبن بە هاوپەیمان.

سیاسەتە باڵاکانی بەریتانیا کە بریتی بو لە پاراستنی هێڵی دەریای ناوەراست- هێندوستان لە لاییێکەوە وە مەترسی ئالمانیا لە لاییێکیترەوە وای کرد کە بەرەی دژی ئاڵمانیا بێ بەرچاو گرتنی سنورە ئیتنیکیەکان ئیمپراتوری عوسمانی دابەش بکەن. ئەم دابەشکردنە ئەگەرچی لە لایەن سێ وڵاتی فەرانساو روسیاو بەریتانیاوە واژۆ کرابو، بەلاٗم زۆرتردەرەنجامی سیاسەتە باڵاکانی ئیمپراتوری بەریتانیا واتە پاراستنی وڵاتی هندستان لە مەترسی ئاڵمان بە دەرەجەی یەکەم وە روسیا لە ئاستی دوەم بوو. بەریتانیا بە مەبەستی دروست کردنی ناوچەییێکی ناوەند، دەیەویست بەرگری بکا لە هێرشی چاوەروان نەکراوی ئاڵمانیاو وڵاتانی تر بۆ ئەوناوچانە کە لە ژێر دەسەلاٗتی خۆی بون. ئەمە لە حاڵێکدا بو کە بە پێ ئەو رێکەوتنە هەم توانیبوی متمانەی فەرانسا بە دەس بێنێت و هەم روسیاش لە ئاسیای بچوك سەرقاڵ بکات. چونکە بە پێ ئەو رێکەوتننامە رۆژهەلاٗ تی ئاسیای بچوك واتە ناوچە کوردیەکانی باکوری زنجیرە چیاکانی تۆرۆس کە ئێستا بە کوردستانی تورکیا ناسراوە وە هەروەها رۆژئاوای ئاسیای بچوك دەکەوتە بەر پشکی روسیا. فەرانسەش کە لە ئەفریقا و میسر کێشەی جدی بو لە گەل بریتانیا بە گرتنی سوریا رازی بوو. بۆیە سەرەرای هەوڵەکانی رۆشنبیرو سیاسیەکانی کورد، پرسی کورد پشت گوی خرا. چونکە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی کورد دژایەتی بو لە گەڵ ئەو نیزامە کە بۆ هاوسەنگی هێز دارێژرابو.

ڕێکەوتنامەی سایکس-پیکۆ لەم بارو دۆخەدا دەنوسرێت" ئەم رێکەوتنە بەرژەوەندی بەرەی دژی ئالمانی دەپاراست. وە دەبو بە بەربەستێك بۆ زیادەخوازی ئەو وڵاتە. ئەم رێکەوتنە بە تایبەت بەرژەوەندی دولایەنەی بۆ

١- شێخ مەحمودی حەفیدزادە لە بەڵگە نامەی فەرانسی دا، ١٩٣٤-١٩١٩، وەرگیر، نەجاتی عبداللە، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦. ل ٧.

٢. تێگەئیشتنی راستی، ژمارە١، کانونی ثانی ١٩١٧، ١٨ ربیع الاول ١٣٣٦ ك. ل١.

بەریتانیا هەبو: یەکەم گرژیو و ئاڵۆزیەکانی لەگەڵ فەرانسە لە ناو دەبرد و دواتریش ئەم ناوچە کە دەبوو بە کولونی فەرانسە روڵی (دەوری) ناوچەی نێوەندی دەگێرا بەرانبەر بە ئاڵمانیا و ڕووسیا و تەنانەت عوسمانیش.

## سەرچاوەکان:


**ڕۆژنامە:**

١. ڕۆژنامەی حبل المتین، ژمارە ٤٣، کەلکەتە ، ٢٠ مەی ١٩١٢.

٢. تێگەئیشتنی راستی، ژمارە١، کانونی پانی ١٩١٧، ١٨ ربیع الاول ١٣٣٦ ك.

**English:**

1. Histoy the war in Afghanistan/ John wil liamkaye vol.d London, 1851.
2. Invasion of India from contral Asia, London, Richard Bentley and son, 1879 .
3. The coming struggle for India, Armingius Vambery, Cassell & Company, Limited, London, Paris, new York, Melbourn, 1885

**کوردی:**

١.جرجیس فەتحولا، وریابونەوەی کورد، ١٩٢٥-١٩٠٠، وەرگێر حەسەن جاف، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دهۆك، ڕۆژگاری موکریان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

٢.مۆجتبی بۆرزویی، بارو دۆخی سیاسی کوردستان(١٩٤٦-١٨٨٠ز.) ، وەرگێر: نازناز مۆحەممەد ئەبدۆلقادرو ئەوانی تر، دەزگای چاپی موکریان، هەولێر ٢٠٠٥.

**فارسی:**

١. ویلیام نئودور سترانگ، حکومت شیخ خز علی بن جابر و سرکوب شیخ نشینان خوزستان، ترجمە صفاو الدین تبرانیان، موسسە مطالعات تاریخ معاصر ایران، تهران، ١٣٥٨.

٢.اروند ێبراهامیان، تاریخ ایران نوین، ترجمە شهریار خواجیان، تهران، نشر دات، ١٣٩٠.

٣.اسماعیل، رائین، حقوق بگیران انگلیس در ایران، نشر چاپخانە عامی، تهران، چ ٩، ١٣٧٢.

٤.الکساندر ێوریاتوف، ابلیا گالکین و دیگران، تاریخ عصر جدید از کمون پاریس تا انقلاب اکتبر، ترجمە محمد تقی فرامرزی، انتشارات شباهنگو تهران١٣٥٩.

٥.رحیم رئیس نیا، ایران و عپمانی در ێستانە قرن بیستم، انتشارات ستودە، چاپ اول، تهران ١٣٧٤.

٦.رحیم رئیس نیا، ایران و عپمانی در ێستانە قرن بیستم، انتشارات ستودە جلد سوم، چاپ اول و تهران ١٣٧٤.

٧. کتاب ێبی و گزارشهای محرامانە وزارت امور خارجە انگلیس دربارە انقلاب مشروطة ایران، بە کوشش احمد بشیری، نشر نو، جلد اول، چاپ دوم، تهران ١٣٦٢.

٨.مصطفي علم، نفت، قدرت و دولت–پیامدهای کودتای ۲۸ مرداد، ترجمه غلامحسین صالحیار،نشر چاپخش، چاپ اول، تهران ۱۳۷۷.
٩.مصطفي فاتح، پنجاه سال نفت ایران، سهامی چهر، تهران، ۱۳۳۵، چ ۱.

## ملخص

كوردستان، تعني المنطقة التي يشكل الكورد غالبية سكانها ، وحسب اتفاقية (الزهاو) في عام ١٦٣٩ اتقسمت كوردستان بين الامبراطوريتين الصفوية و العثمانية، ,وبعد انتهاء الحرب العالمية الاولي زالت الدولة العثمانية التي يتضمن غالبية اراضي الكوردستان .

وحسب اتفاقية سايكس– بيكو الاستراتيجية، وهي الاتفاقية التي ابرمت اثناء الحرب العالمية الاولي لتنظيم المصالح بين دول المنتصرة في حرب، تكونت عدة دول مستقلة جديدة من الدولة العثمانية، ومن بينهم كوردستان بصورة عامة و الكوردستان العثماني بصورة الخاصة وانها لم تعامل كقومية فقط بل انها كانت ضحية لمصالح الدول المنتصرة في الحرب و خاصة المصالح البريطانية. وفي نهاية الحرب العالمية الاولي انقسمت الي ثلاث دول (العراق، سوريا، تركيا).

هذا البحث حاول واستنادا علي المنهج التاريخي و عن طريق دراسة و تحليل المعلومات التاريخية، تفسير تاثيرات المصالح العليا للدول المنتصرة علي تقسيم الكوردستان، ويشير استنتاجات البحث الي دور المصالح الرئيسية للدولة البريطانية، والذي يتمثل في حماية مصالحها في هندسان وهو اكبر مستعمرة لديها والتي لها دور مؤثر في تقسيم خاريطة منطقة حسب اتفاقية سايكس–بيكو، و ياتي بعد ذلك تاثير كل من فرنسا و روسيا بالمرتبة الثانية بعد بريطانيا .

## Obstract

Kurdistan, the region which its population are Kurdish people, which has been divided according to the Zahaw treaty in 1639 between the Safavid and Ottoman Empire. After the end of the WW1, the first reign of the Ottoman the biggest part of the Kurdistan fell apart, according to the Sykes-Picot agreement which was signed in the middle of the war for the benefit of those countries which won the war, many independent states within the Ottoman Empire are established. However, Kurdistan region in general and specifically the Kurdish region within Ottoman empire, was not only being acknowledged as an independent nation but It become the victim for those winner nations especially Britain, at the end of the War , Kurdistan was divided and given to three countries (Iraq, Syria, Turkey) . This research depending on the historical methodological analysis, throughout detailed reading and analyzing the historical data, attempts to investigate the effect of high beneficiary by the winner nations on the Kurdistan population. The result of the study shows that the main interests for the Britain was; Britain found itself as the major liberator of India, which was the biggest colonial at that time. This in a way had the major role in drafting the border or map of the region according to the Sykes-Picot agreement and the influence of the Russia and France in the next place after Britain.